PASEWAN

ڕێکخراوی پاسەوان بۆتوێژینەوەی سیاسەتە گشتییەکان

# بڵاوکردنەوەی "زانیاریی هەڵە" و "زانیاریی هەڵبەستراو"

## لە ڕاگەیاندنەکان و کاریگەریی لەسەر ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمی کوردستاندا

(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

توێژینەوەی :

پ.د. هێرش ڕەسوڵ

دانا جەمیل

د. هەرێم کەریم

هاوینی 2021

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئەو بابەتەی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی دەکات، بە یەکێك لە بابەتە جێبایەخ و مشتومڕهێنەکان هەژماردەکرێت، کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە (Misinformation) و زانیاریی هەڵبەستراو (Disinformation)ـە لە ڕێگەی ئامرازە کۆنباو (تقلیدی)ـیەکان و سەکۆکانی تۆڕەکانی پەیوەندییکردنی کۆمەڵایەتییەوە (Social Networking).

لەم روانگەیەشەوە، توێژەران بە دوای رونکردنەوەی کاریگەریی بڵاوکردنەوەی ئەو دو جۆرە زانیارییە لەسەر ژینگەی هەواڵ زانیاریی، یان دۆزینەوەی رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانە لە سەروەختی هەڵبژاردن و تەنگژە جیاوازەکان، وەك پەتای ڤایرۆسیی کۆرۆنا (COVID_19) لە هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێن و، بۆ ئەمەیش مشتە (Sample)ـیەکیان لە هاونیشتمانانی هەرێمی کوردستان بە نمونە وەرگرتوە.

هاوکات، توێژینەوەیەکی پەسنکاریی (وەسفی)ـیەو، ڕێباری (روپێوکاریی)ـیشی تێدا بەکارهاتوە، لەپێناو هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت بەدیانبهێنێت، ئەویش لە ڕێگەی پێوانەکردنی رای وەرگرانی ئامرازەکانی راگەیاندن و بەکارهێنەرانی ئەو سەکۆیانە بۆ هەردوو رەگەزی (نێر) و (مێ) کە (١٠٠١) کەسیان وەرگیراون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەیشدا، توێژەران بە چەند دەرەنجامێك گەیشتون، لەوانە: بڵاوکردنەوەی "زانیاریی هەڵە" و "زانیاریی هەڵبەستراو" لە راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو رو لە هەڵکشانە و وەك جۆرێك لە دیاردەی لێهاتوە، بەمەیش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێم دروستکردوە.

**کلیلەوشەکان:** بڵاوکردنەوە، زانیاریی هەڵە، زانیاریی هەڵبەستراو، راگەیاندنە کۆنباوەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبوك، کاریگەریی، تەنگژە، ژینگەی هەواڵ و زانیاریی، هەرێمی کوردستان.

---

**(پ. د. هێرش ڕەسوڵ)**: ماستەر لە (ئاکار و یاسای راگەیاندن)، دکتۆرا لە (کۆمەڵناسیی راگەیاندن)، مامۆستا لە (زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی)

**(دانا جەمیل)**: توێژەر لە ڕێکخراوی پاسەوان بۆ سیاسەتە گشتییەکان

**(د. هەرێم کەریم)** توێژەر لە ڕێکخراوی پاسەوان بۆ سیاسەتە گشتییەکان

## پێشەکیی:

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، ڕاگەیاندن بە کاریگەریی پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنەلۆژیاوە چوەتە قۆناغێکی نوێترەوە و، تادێش لە گەشە و بەرەوپێشچونی بەردەوامدایە. ئەمەیش بە جۆرێ لە جۆرەکان، بوارەکەی لە ئامرازە کۆنباو (تقلیدی)ـیەکان: (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن)ـەوە بەرەو ئامرازە نوێچەشنەکان (ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیی، نیو میدیا) بردوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، وەك ئامرازگەلێکی بڵاوی نێو ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن (**New Media**)، بەهۆی سروشت و تایبەتمەندییە فرە و جیاواز و جۆراوجۆرەکانییانەوە، لە پێش هەموشییانەوە کارلێککاریی (التفاعلي)، بەکارهێنانێکی بەرچاوی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە و، لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و لە پرس و بابەتی هەمەجۆردا بەکاردەهێنرێن.

ئەو تۆڕانە ڕۆڵی ئێجگار گرنگ لە بەجێهێنانی (ئەرکی هەواڵ و زانیاریگەیاندن)ـدا دەبینن. زانیاریی لە گۆشە و ڕەهەندی جیاوازەوە، هەربۆیەش لەگەڵ هاتنەپێشەوەی ڕوداو و پێشهاتە جیاوازەکان، لەوەش زیاتر لە سەروەختی دروستبونی تەنگژەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ، یان ناوچەیی، یان نێودەوڵەتیی دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاریی.

بۆیە ژینگەی هەواڵ و زانیاریی، بابەتێکی گرنگ و جێباسوخواسی ئەکادیمییە، بە تایبەت لە ڕوبەرێکی وەك هەرێمی کوردستاندا، کە لەمڕۆدا بە دەست کۆمەڵێ تەنگژەی جیاوازی سیاسیی، سەربازیی، ئابوریی، تەندروستییەوە دەناڵێنێت و، هەندێکیان هەلومەرجە بابەتییەکە هێناویەتەپێشەوە و بەردەوامییپێداوە، هەندێکیدیکەیشیان هەلومەرجی خودیی.

ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێت هەڵوەستەیەکی زانستییانە لەسەر دو جۆر لەو زانیارییە بڵاوکراوانەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات: (هەڵە، هەڵبەستراو)، پاشان کاریگەریان لە پانتایی هەرێمی کوردستاندا، ئەویش لە ڕوانگەی هاونیشتمانانەوە.

### باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**1-1**: سود و بایەخی توێژینەوەکە

بە بڕوای توێژەران، سود و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەم ڕوانەی خوارەوەیە:

أ. کۆمەڵ و نیشتمان: ئەنجامدانی وەها توێژینەوەیەك، خۆی کارکردنە بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ و، گرنگییدان بە ژیان و دەروندروستیی هاونیشتمانان بە شێوەیەکی گشتیی و، لە چێوەی ڕوبەرێکی دیاریکراو و تاکەکانیدا بە شێوەیەکی تایبەت.

ب. ئەکادیمیی: ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی بە ڕێکار و تێروانیی نوێ و سەبارەت بە پرس و بابەتە گرنگ و هەنوکەیی و هەستیارەکان، خۆی سود و بایەخی تایبەتی بۆ بواری تیۆریی و ئەکادیمیا هەیە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتیی. بە شێوەیەکی تایبەتییش، ئەم بابەتە (بە پێی زانیاریی توێژەران) یەکەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و، هەروا یەکەم کاری جددیی زانستییە بە زمانی کوردیی لەبارەی ئەم بابەتەوە.

ت. پیشەیی: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە لەپێناو کارکردنی جددیی پیشەییانەی ئامرازەکانی راگەیاندن و. مامەڵەی ئاکاریی و یاساییانەیان لەگەڵ هەواڵ و زانیارییدا.

**1-2**: کێشەی توێژینەوەکە

لەپێناو رونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، دەکرێ پرسیارێکی سەرەکیی بخرێتەڕوو، بەمشێوەیە: بڵاوکردنەوەی "زانیاریی هەڵە" و "زانیاریی هەڵبەستراو" لە راگەیاندنی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا (بە ئامرازە کۆنباو و نوێچەشنەکانییەوە) تا چ ئاستێکە و، کاریگەریی لەسەر ژینگەی هەواڵ و زانیاریی چییە؟

**1-3**: ئامانجی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی، ئامانجی بابەتیی و ئەکادیمیی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش بە هەمانشێوە، دیارترینیان بریتیین لە:

1. زانینی ئاستی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و زانیاریی هەڵبەستراو لە راگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا.
2. ئاشکراکردنی رادەی پشتبەستنی هاونیشتمانان بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەت لە سەروەختی تەنگژەکاندا.
3. دەرخستنی رادەی متمانەی بەکارهێنەرانی کوردی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو زانیارییانەی لە رێگەی ئەو تۆڕانەوە و سەبارەت بە پرس و بابەتە جیاوازەکان بڵاودەکرێنەوە.
4. خستنەڕوی کاریگەرییە جیاوازەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و زانیاریی هەڵبەستراو لەسەر هاونیشتمانان.
5. ئاشکراکردنی دیارترین هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و زانیاریی هەڵبەستراو.
6. دیاریکردنی گرنگترین رێکارەکانی روبەڕوبونەوەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و زانیاریی هەڵبەستراو.
7. دۆزینەوەی هەنگاوەکانی رێکخستنەوەی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمی کوردستاندا.

**1-4**: جۆرو رێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی پەسنکاریی (وەسفی)ـیەو، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە مەیدانییەکەشی، رێبازی (روپێوکاریی) بەکارهێنراوە.

**1-5**: رێگە و ئامرازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتیی دو رێگەو ئامراز بەکارهاتوە:

أ. راپێویی (الإستبانة)ـی ئۆنلاین [*]وەك ئامرازێك بۆ زانینی تێڕوانینی هاونیشتمانان بەکارهێنراوە.

ب. تێبینیکردن: بریتییە لە سەرنجدانی توێژەران بۆ پرس و بابەتە سەرەکیی و لاوەکییەکان، هەروا تێبینیکردنیان سەبارەت بە راگەیاندن بە گشتیی و سۆشیاڵ میدیا بە تایبەت.

---

* لە رێگەی خزمەتگوزاریی ئەپڵیکەیشنی (پرسیار)ـەوە، کە بە جۆر و شێواز و نەخشەسازیی جیاواز، فۆرمی راپێویی پێدورستدەکرێت و، بۆچون و زانیارییەکان روپێودەکات و کۆدەکاتەوە، هاوکات وەڵامدانەوەی بە شێوەی ئۆنلاین دەستەبەرکردوە و دواتریش وەڵامەکان بە گوێرەی دوبارەبونەوە و رێژەی سەدییان رێکدەکات.

**1-6**: سنوری توێژینەوەکە

سنوری توێژینەوەکە بەسەر چوار بواری جیاوازدا دابەشبوە، کە ئەمانەن:

أ. بواری مرۆیی: توێژەران لە ڕێگەی ڕاپێوینامە (فۆڕمی ڕاپێویی)ـی ئەلیکترۆنییەوە چەند پرسیارێکیان ئاراستەی کۆمەڵێ بەرتوێژ لە هاونیشتمانان کرد، لەو ژمارەیەش (**1001**) کەس فۆرمەکەیان پڕکردنەوە، کە دەکرێ خاوەنی گۆشەنیگای تایبەت بن سەبارەت بە ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمی کوردستان و، بیکەنە مشتەی توێژینەوەکە و وەڵامی ورد و تێڕوانینی جیاوازیان دەربارەی بابەتەکە دەستبکەوێت.

ب. بواری بابەت: ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیای کوردیی دەگرێتەوە، بە تایبەت (فەیسبوك)، بە ئاراستە و خزمەتگوزاریی جیاواز و پێکهاتەی ناوەڕۆکییانەوە.

ج. بواری کات: خۆی لە ڕێوشوێنی مەیدانیی دەبینێتەوە لەسەر بەرتوێژان (المبحوثين)، واتە ئەو ماوە گریمانەکراوەی کە بەرتوێژان ڕاگەیاندنەکان هەڵدەسەنگێنن، کەوا مانگی کانونی دووەم تاکو ئایاری ئەمساڵە (**2021**).

د. بواری شوێن: تاووتوێکردنی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیای کوردییە، کە وەرگر و بەکارهێنەرانی دانیشتوی هەرێمی کوردستانن.

**1-7**: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە (هەرێمی کوردستان). سەبارەت بە مشتە (سامپل)ـەکەیشی، مشتەیەکی هەڕەمەکییە و، (**1001**) هاونیشتمان لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) و هەردو ئیدارەی (گەرمیان، ڕاپەڕین) لە ڕەگەز و تەمەن و ئاستی جیاوازی خوێندەواریی و دارایی و کۆمەڵیەتیین. هۆکاری دیاریکردنی ئەم بژاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بابەتی توێژینەوەکە و، بڕگەو پرسیارەکانی ڕاپێوییەکە گشتیین وا پێویستدەکات بۆچونی وەرگری گشتیی لەبارەوە وەربگیرێ و، دواتریش پێوانەبکرێن، نەك بژاردەو خەڵکانی شارەزاو بەئەزمون و بەئاگا.

**1-8**: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان

لەم تەوەرەدا، چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، وەك ئەوەی توێژەران لێرەدا مەبەستیانە، ماناکانیان ڕوندەکرێتەوە:

أ. بڵاوکردنەوە: مەبەست لە کردەی پەخش و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیام و بیرۆکە جیاوازەکانە، دەربارەی بە پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکان.

ب. زانیاریی هەڵە (Misinformation): مەبەست لەو هەواڵ و زانیارییانەیە کە بە هەڵە و بێ دڵنیابونەوە لە ڕاستیی و دروستییەکەی، لە تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا بڵاودەکرێنەوە. واتا بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە بە شێوەیەکی نارێکخراو (تاکی کۆمەڵ زانیاریی هەڵە بڵاودەکاتەوە، بە بێ ئەوەی خۆی بزانێت کە زانیارییەکە هەڵەیە).

ج. زانیاریی هەڵبەستراو (**Disinformation**): مەبەست لەو هەواڵ و زانیاریانەیە کە ساختە (**Fake**) و هەڵبەستراون و هیچ بنەمایەکی راستیی و دروستییان نیە و، لە تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا بڵاودەکرێنەوە. واتا هەڵمەتی بەلارێدابردنی رێکخراو.

د. ئامرازە کۆنباو (تقلیدی)یەکانی راگەیاندن: مەبەست لە (چاپکراو، رادیۆ، تەلەڤزیۆن)ە کە هەریەکەیان خاوەن سروشت و پێکهاتە و تایبەتمەندیی و وەرگری تایبەتی خۆیانن.

هـ. تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیی (**Social Networking**): ئەو تۆڕ یان پێگە یان سەکۆ ئامراز یان راگەیاندنە ئۆنلاینانە دەگرێتەوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن لە رێگەیەوە پەیوەندیی بەیەکەوە گرێبدەن، گفتوگۆ بکەن، سەرنج بۆ یەکتر بنوسن و وێنە و زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن، یان هەر خزمەتگوزارییەکی دیکە لەو رێگەیەوە پێشکەش بکەن. یەکەمین سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی (**1997**) داهێنرا، کە بە ناوی سکس دگری (**six degree**)ـەوە بو. دواتر بە ناوی تر و تایبەتمەندیی و خزمەتگوزاریی نوێوە چەند سەکۆیەکی تریش پەیدابون. هەندێ لە پسپۆڕان راگەیاندنی کۆمەڵایەتیی (**Social Media**)ـشی پێدەڵێن.

و. فەیسبوك (**Facebook**): بەناوبانگترین سەکۆی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە. تێیدا رێگە بە بەکارهێنەرانی دەدرێت پەیوەندیی بە یەکترییەوە بکەن، لە هەواڵ و زانیاریی، بزانن چی روودەدات و دەتوانن بە ئاسانی زانیاریی لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕبکەن. ساڵی **2004** لەلایەن (مارك زوکەربێرگ)ـی خوێندکاری (زانکۆی هارڤارد/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)ـوە دروستکرا و، لە ماوەی چوار ساڵدا بو بە جەماوەریترین سەکۆ. ئێستایش ژمارەی بەکارهێنەرانی لە سەرو دوو ملیار و (**850**) هەزار کەسەوەیە و بەسەر هەمو وڵاتانی جیهاندا دابەشبون. سەبارەت بە عیراق و هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئامارە نارەسمییەکان تا مانگی کانونی دووەمی (**2021**) سەرو (**20**) ملیۆن بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بوون.

ز. کاریگەریی: واتا رادە و هۆکاری کارتێکردنی گۆڕاوێك لەسەر گۆڕاوێکی دیکە، سەبارەت بە پرس و بابەتێکی دیاریکراو.

ح. تەنگژە: واتا قەیران یان قوڵبونەوەی کێشەکان تا ئاستێکی باڵا، کە کۆمەڵ یان وڵات و ژینگەیەکی دیاریکراو دوچاری مەترسیی گەورە دەکاتەوە. جۆرەکانی تەنگژەش فرە و جیاوازن، لەوانە: (سیاسیی، ئابوریی و دارایی، سەربازیی، تەندروستیی، ... تاد).

ط. ژینگەی هەواڵ و زانیاریی: واتا ئەو پانتایی و روبەرەی ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندن (بە کۆنباو و نوێچەشنەکانەوە) بە پێشکەشکردنی هەواڵ و زانیاریی هەمەجۆر بۆ وەرگر (جەماوەر)ـی دێننەکایەوە و، لەوێشەوە دەتوانن لە ئاستە جیاوازەکاندا کاریگەر بن.

ی. هەرێمی کوردستان: ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق و، لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە [*].

---

[*] مادەی (**113**)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق، **2005**.


باسی دووەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

پاش دابەشکردنی راپێوینامە (فۆرمی راپێوی)ـی توێژینەوەکە بەسەر بەرتوێژان و بەداتاکردنی وەڵامەکانییان، لە چەند خشتەیەکدا و بە پێی ریزبەندیی و تایبەتمەندیی برگەکانی ناو راپێوینامەکە، ئەنجامەکان لە چێوەی هەریەك لە (دوبارەبونەوە، رێژەی سەدیی، پلەبەندیی) دەخرێنەڕو، دواتریش توێژەران شرۆڤەی زانستییانە بۆ ئەو ئەنجامانە دەکەن:


تەوەری یەکەم: زانیارییە تایبەتەکان

**1**. رەگەز و تەمەن:

ئەنجامەکان ئەوە روندەکەنەوە، زۆربەی بەرتوێژەکان لە رەگەزی (نێر)ـن و پلەی یەکەمیان گرتوە و، ئەوانیتریش (مێ)ـن و لە ریزبەندیی ئەگەرەکاندا بە پلەی دووەم هاتون. هەروا زۆربەی بەرتوێژەکان لە تەمەنیان (**16ـ25** ساڵ)ـە و بە پلەی یەکەم هاتون، ئەوانەیشی تەمەنیان (**26 ـ 35** ساڵ)ـە، پلەی دووەمیان گرتوە.




# تەمەن


%67.73
%24.57
%5.39
%1.59
%0.29
%0.39
16-25 ساڵ
26-35 ساڵ
36-45 ساڵ
46-55 ساڵ
56-65 ساڵ
66 سەروو

**2**. شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان:


ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، زۆربەی بەرتوێژەکان دانیشتووی پارێزگای (هەولێر)ـن و پلەی یەکەمیان گرتوە و، پارێزگای (هەڵەبجە)ـش کۆتاپلەی وەرگرتووە.



**3**. ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

بە پێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا ماوەی (**1 – 2** کاتژمێر) بەرکەوتنیان لەگەڵ (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)ـدا هەیە، لە دواپلەشدا (بەکاریناهێنم) هاتوە.


## ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلای بەرتوێژان



4. پشتبەستن بە سەرچاوەکان بۆ خۆپارێزیی لە (کۆرۆنا):

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن، زۆربەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم پشت بە هەواڵ و زانیاریی (وەزارەتی تەندروستیی هەرێم) دەبەستن، (میدیاکان)یش دواپلەی ریزبەندییەکەی گرتوە. ئەمەیش ئەوە پێشان دەدات، هاونیشتمانان پتر بڕوایان بەو هەواڵ و زانیارییانەیە کە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لەپێناو خۆپاراستن لەو ڤایرۆسە گوازراوەیە بڵاویدەکەنەوە.


## پشتبەستنی بەرتوێژان بە سەرچاوەکان بۆ خۆپارێزیی لە (کۆرۆنا)



5. سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری لای بەرتوێژان(*):

ئەنجامەکان ئەوە پێشاندەدەن؛ زۆرینەی بەرتوێژان (سۆشیاڵ میدیا) وەك سەرچاوەی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریی بەکاردێنن. کەوا پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەی گرتوە. هەروەك (رادیۆکان)یش دواپلەیان وەرگرتوە. ئەمەیش لە دیدی توێژەرانەوە. بۆ تایبەتمەندیی و خزمەتگوزارییە زۆر و هەمەجۆری سەکۆکانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتیی دەگەڕێتەوە.

## تایبەت بە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری





* لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت. بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

**6**. ئاستی متمانەی وەرگر بە سەرچاوەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا(*):

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە زۆرینەی بەرتوێژان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراو و حزبی دڵخواز لە پلەی یەکەمدا متمانەیان بە (میدیاکان) هەیە. وەکچۆن (پۆستەر و بڵاوکراوە مەیدانییەکان) کەوتۆتە دواپلەی ریزبەندییەکەوە. ئەمەش لە دیدی توێژانەوە، واتای کاریگەریی ئامرازە کۆنباوەکانی راگەیاندن دەگەیەنێت لەسەر تێڕوانین و ئاراستەی سیاسیی هاونیشتمانان.

## ئاستی متمانەی وەرگر
## بە سەرچاوەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا





* لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت. بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

7. جۆری هەواڵ و زانیارییەکان لە روی راستیی و دروستییەوە:

وەڵامەکان دەریدەخەن، زۆربەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا، پێیانوایە هەواڵ و زانیارییەکان لە روی راستیی و دروستییەوە زۆرجار (هەڵبەستراون). هەروەك ئەوانەی وایدەبینن ئەو هەواڵ و زانیارییانە (هەڵەن) لە پلەی کۆتایی ریزبەندییەکەدان. ئەم ئەنجامەیش بە تێڕوانینی توێژەران، دەگەڕێتەوە، بۆ بونی ژمارەیەکی زۆری هەواڵی ساختە و هەڵبەستراو و زانیاریی بەلارێدابراو، واتا بە پلان و بەرنامە لە راگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا.

## جۆری هەواڵ و زانیارییەکان لە ڕوی ڕاستیی و دروستییەوە



**8**. هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو(*):

بە پێی ئەنجامەکان، بەرتوێژان (هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتیی) بە پلەی یەکەم بە هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو دەزانن، هاوکات (نەبونی شارەزایی بنکۆڵکاریی) پلەی کۆتایی گرتوە. ئەمەیش بە رای توێژەران، دەگەڕێتەوە بۆ نزمیی ئاستی ڕەچاوکردنی هەردو بنەمای ئاکاریی (بەرپرسیارێتیی، راستگۆیی) لەلایەن راگەیاندنکاران و بەڕێوەبەری تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییەوە.


## هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو




* لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، بەرتوێژ بۆی هەبو زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت، بۆیە ژمارەی دوبارەبونەوەی وەڵامەکان، لە ژمارەی کۆی بەرتوێژان زیاترە.

**9**. ئاستی متمانەکردن بە راستیی و درووستیی هەواڵ و زانیارییەکان:


بە گوێرەی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان (تاڕادەیەك) متمانەیان بە راستیی و دروستیی هەواڵ و زانیاریانەکان لە ئامرازەکانی راگەیاندن بە گشتیی هەیە، واتا بە شێوەیەکی مامناوەند، ئەمەش بە پلەی یەکەم هاتوە. هاوکات (متمانەیەکی زۆر)ـیش دواپلەی ریزبەندییەکەی وەرگرتوە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە، بۆ کارکردنی ناپیشەییانەی ئامرازەکانی راگەیاندن و رەچاونەکردنی بنەمای (راستگۆیی) و شێواندنی (ژینگەی هەواڵ و زانیاریی) لە هەرێمی کوردستاندا.



**10**. متمانە بەپێی ڕەگەز

بە گوێرەی وەڵامی بەرتوێژەکان و جیاکردنەوەیان لەسەر ئاستی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. دەردەکەوێت هەردوو ڕەگەز بە پلەی یەکەم تاڕادەیەك متمانەیان بە ڕاستیی و دروستیی هەواڵ و زانیارییەکان هەیە. بەڵام بە ڕێژەی جیاواز.


## متمانەی بەرتوێژان بە ڕاستیی و دروستیی هەواڵ و زانیارییەکان بەپێی ڕەگەز



**11**. ئاستی متمانەکردن بە هەواڵ و زانیارییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:


ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن، زۆربەی بەرتوێژان (تاڕادەیەك) متمانەیان بەو هەواڵ و زانیاریانە هەیە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم هاتوە. متمانەی (زۆر)ـیش دواپلەی ریزبەندییەکەی گرتوە. ئەمەش بە بۆچونی توێژەران، مانای ئەوەیە، سەکۆ باو و زۆر بەکارهێنراوەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا، توانیویانە کاریگەریی بەرچاو لەسەر بەکارهێنەرانییان دروستبکەن.

## متمانەی بەرتوێژان بە هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان




**12**. ئاستی متمانەکردن بە هەواڵ و زانیارییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی ڕەگەز: بەپێی وەڵامی بەرتوێژەکان و جیاکردنەوەیان لەسەر ئاستی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، دەردەکەوێت هەردوو ڕەگەز بە پلەی یەکەم تاڕادەیەك متمانەیان بە ڕاستیی و دروستیی ئەو هەواڵ و زانیاریانە هەیە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز.

## متمانەی بەرتوێژان (ڕەگەزی نێر و مێ)
## بە هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان




13. هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر:
ئەنجامەکان ئەوە پێشاندەدەن، زۆرینەی بەرتوێژان، پێیانوایە، هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو (کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژیانیان دروستکردووە)، ئەمەیش لە پلەی یەکەمدا هاتوە. هاوکات (کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دەوروبەرم دروستکردوە) دواپلەی ریزبەندییەکەی گرتوە. ئەم ئەنجامانەیش بە رای توێژەران، ئاماژەن بۆ کاریگەریی بەهێزیی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو لە راگەیاندنەکان لەسەر ژیانی هاونیشتمانان.

## هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر



**14**. هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر لە هەردوو رەگەزی نێرو مێ:
بەگوێرەی وەڵامی بەرتوێژەکان و جیاکردنەوەیان لەسەر ئاستی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، دەردەکەوێت هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو کاریگەریی لەسەر ژیانی هەردوو رەگەز هەیە، بە پلەی یەکەمیش کاریگەرییەکە نەرێنییە، بەڵام بە رێژەی جیاواز.

## هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر بەپێی ڕەگەز




**15**. هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر لە سەر ئاستی تەمەن:
بەپێی وەڵامی بەرتوێژەکان و جیاکردنەوەیان لەسەر ئاستی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، دەردەکەوێت هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر هەیە لەسەر ئاستی تەمەنە جیاوازەکان، بەڵام بە رێژەی جیاواز.

## هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و کاریگەریی لەسەر ژیانی وەرگر لەسەر ئاستی تەمەن

| جۆری کاریگەریی | دوبارەبونەوە | 25-16 | 35-26 | 45-36 | 55-46 | 65-56 | سەرو 66 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دروستکردووم | 336 | 233 | 75 | 19 | 4 | 2 | 3 |
| زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی بڕیاری هەڵە بدەم | 287 | 201 | 64 | 14 | 6 | 1 | 1 |
| کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دەوروبەرم دروستکردوە | 162 | 108 | 42 | 11 | 1 | 0 | 0 |
| هیچ بەلامەوە گرنگ نەبووە | 216 | 136 | 65 | 10 | 5 | 0 | 0 |
| کۆی گشتیی | 1001 | 678 | 246 | 54 | 16 | 3 | 4 |

**16**. چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیجە نەناسراوەکانی فەیسبوکدا:


بە گوێرەی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیان گرتوە، رایانوایە پەیجە نەناسراوەکانی فەیسبوك (دابخرێن)، بە رێژەیەکی کەمتریش لەوە وایدەبینن (سەرپەرشتیارانی ئاشکرابکرێن)، وەکچۆن (بەردەوام بن) لە دواپلەدا هاتوە. ئەم ئەنجامانەش، لە روانینی توێژەرانەوە، دەرخەری ئەوەن کە، کە پەیجە خاوەن نادیار و نەناسراوەکانی (فەیسبوك) تاڕادەیەکی زۆر ژینگەی هەواڵ و زانیارییان لە هەرێمی کوردستاندا شێواندوە.



**17**. بونی بەشێکی تایبەت بە پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی بەر لە بڵاوکردنەوە لە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندندا:

بە گوێرەی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەیان گرتوە، کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی بەر لە بڵاوکردنەوە لە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندندا بە (گرنگ) دەزانن، بە پلەی دووەم پێیانوایە (تارادەیەك گرنگە)، پاشان (هیچ گرنگ نیە) لە دواپلەدا هاتوە. ئەمەش مانای پێویستیی و گرنگیی بونی بەشێك بۆ چاودێرییکردنی هەواڵ و زانیارییەکان و پێداچونەوە و پشتڕاستکردنەوەیان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.


## بەشێکی تایبەت
## بە پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی



**18**. چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە هەواڵ و زانیاریی هەڵە یان هەڵبەستراو بڵاودەکەنەوە:

بە پێی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەیان گرتوە، لەگەڵ ئەوەدان، کاتێك دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن هەواڵ و زانیاریی هەڵە یان هەڵبەستراو بڵاوبکاتەوە، (سکاڵای یاسایی لەسەر تۆماربکرێت)، بە ڕێژەیەکی نزیك لەوەش پێشنیاردەکەن (فەرمانگەیەکی تایبەت بە چاودێریی میدیایی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات)، وەکچۆن (هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا نەکرێت)ـیش لە دواپلەدا هاتوە. ئەم ئەنجامەش، بە بۆچونی توێژەران، واتای ئەوە دەگەیەنێت، جێبەجێکردنی بڕگە یاساییەکان و هەروا چاودێریی پیشەیی ڕێگای دروستن بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو بپارێزن.


## مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنانەی زانیاریی هەڵە یان هەڵبەستراو بڵاودەکەنەوە



**19**. چۆنێتیی ڕێکخستنەوەی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی:

ئەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیان گرتوە. سەبارەت بە چۆنێتیی ڕێکخستنەوەی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی پێشنیاردەکەن (یاسای تایبەت هەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی)، هەروەك (پێویستی بەڕێکخستنەوە نییە) لە دواپلەدا هاتوە. ئەمەیش واتای گرنگیی ڕەچاوکردنی یاسای کار و ئاکاری پیشە و پێویستیی دامەزراندنی دەزگای چاودێریی ڕاگەیاندن دەسەلمێنێت.

## چۆنێتیی ڕێکخستنەوەی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی



## دەرەنجامەکان:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا و، دوای دەرهێنانی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنییان، توێژەران گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بەمجۆرە دەخەنەڕو:

١. تێکدان یان شێواندنی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی، کێشەیەکی گەورەیە لە جیهاندا و، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کایەی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ئاسایشی کۆمەڵ، ... هتد هەیە. هاوشێوەی وڵاتانی تر، لە هەرێمی کوردستانیش ئەم کێشەیە بە زەقیی بەدیدەکرێت. ئاشتیی و ئارامیی کۆمەڵ دەخاتە مەترسییەوە و، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر رایگشتیی دروستدەکات، هەندێجار سەلامەتیی تاك و کۆمەڵیش دەخاتە مەترسییەوە، وەك ئەوەی لە سەروەختی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنادا بینرا، بۆ نمونە دید و بۆچونی هەڵە دروستدەکات و کۆمەڵ دابەشدەکات. متمانەی دامودەزگا رەسمییەکان کەمدەکاتەوە و، کاریگەریی خراپ لەسەر سیستمی حوکمڕانیی و گەشەی دیموکراسیی دادەنێت ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە سەلمێنەری ئەو راستییەن، کە هەواڵی هەڵە یان هەڵبەستراو بە شێوەیەکی نەرێنیی کاریگەریی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. بڵاوکردنەوەی "زانیاریی هەڵە" و "زانیاریی هەڵبەستراو" لە راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو رو لە هەڵکشانە و وەك جۆرێك لە دیاردەی لێهاتوە، بەمەیش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێم دروستکردوە.

٣. پەیوەست بە ژینگەی هەواڵ و زانیاریی، لە کاری راگەیاندنەکان سەکۆ و تۆڕ و پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆشاییەکی گەورەی یاسایی هەیە، کە پێویستە ئەم ژینگەیە بەپێی یاسایەکی پێشکەوتوو رێکبخرێتەوە، بەجۆرێ کاریگەریی نەرێنیی نەبێت لەسەر بەرتەسککردنەوەی مافی بڵاوکردنەوە و ئازادیی رادەربڕین.

٤. سەبارەت سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری تێکرای وەڵامی بەرتوێژان دەریدەخات، کە سۆشیاڵ میدیا وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریی دەبینرێت، کە بە نزیکی دوو ئەوەندە لە پێش راگەیاندنە رەسمییەکانەوەیە و، هاوکات بەرێژەیەکی بەرچاو متمانەیان بە هەواڵ و زانیارییەکانی سۆشیال میدیا هەیە بە بەراورد بە میدیا رەسمییەکان. بەڵام کاتێك پرسەکە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی تاکەوە هەیە، هاونیشتمانان دەگەڕێنەوە بۆ دەزگا رەسمییەکانی حکومەت و دەزگا نێودەوڵەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی راست و دروست.

٥. سەبارەت بە راستیی و دروستیی هەواڵ و زانیارییەکان، وەڵامی بەرتوێژان ئەو راستییە نیشاندەدەن، کە زۆرینەی هاوڵاتییان کەمترین متمانەیان بە ئەو هەواڵ و زانیاریانە هەیە کە بەدەستیان دەگات و، پێیانوایە زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو بڵاودەکرێتەوە، ئەمەیش سەلمێنەری ئەو راستییەیە، کە ژینگەی هەواڵ زانیاریی لە هەرێمی کوردستاندا لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و پێویستیی بە پێداچونەوە و چارەسەر هەیە.

٦. هەرچی پەیوەندیی بە هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە یان هەڵبەستراو هەیە، بەرتوێژان بەسەر پێنج گروپی تاڕادەیەك یەکساندا دابەشبوون و زۆرترینیان پێیانوایە هۆکارەکە هەستنەکردنە بە بەرپرسیاریێتیی، یاخود بەلایەدابردنی بە مەبەستە، بەرامبەر ئەم دوو گروپە، دوو گروپی تر پێیانوایە هۆکارەکە بونی بۆشایی یاساییە، یاخود نەبونی شارەزایی بنکۆڵکارییە. گروپی پێنجەمیش پێیانوایە، هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو پەیوەندیی بە تێکچونی ژینگەی هەواڵ و زانیارییەوە هەیە.

٧. بۆ رێگریکردن لە بڵاوبونەوەی هەواڵ و زانیاریی هەڵە یان هەڵبەستراو لە رێگەی میدیا رەسمییەکانەوە بەرتوێژان بە رێژەیەکی بەرچاو خوازیارن لە هەر میدیایەکدا بەشێکی تایبەت هەبێت بە پشتراستکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان. بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست بگات بە هاوڵاتیان.

٨. سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵە کردن لە گەڵ ئەو میدیا فەرمییانەی کە هەواڵ و زانیاری هەڵە یان هەڵبەستراو بڵاودەکەنەوە، زۆرینەی پرسپێکراوان پێیان باشە یان سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار بکرێت یاخود فەرمانگەیەکی تایبەت بە چاودێری میدیایی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. گروپی سێیەم لە پرس پێکراوان پێیان باشە کە دەزگا راگەیاندنەکان داوای لێبوردن لە بینەر و بیسەر و خوێنەرەکانیان بکەن، دوای بڵاو بونەوەی زانیاری هەڵە یاخود هەڵبەستراو.

٩. پەیوەند بە تۆری کۆمەڵایەتیی (فەیسبوك)، زۆرینەی بەەرتوێژان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشبوون، بەشی یەکەمیان پێیان باشە ناسنامەی سەرپەرشتیارانی پەیجەکان ئاشکرابێت، گروپی دووەمیان پێیان باشە ئەو پەیجانە بە یەکجاریی دابخرێن، ئەمەیش ئەوەدەگەیەنێت کە هاوڵاتیان مەبەستییانە لە رێگەی سەرچاوەی ناسراو و متمانەپێکراوەوە، هەواڵ و زانیارییان بەدەست بگات.

١٠. پەیوەست بە رێکخستنەوەی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی، زۆرینەی بەرتوێژان پێیان باشە بۆ رێکخستنەوەی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی پێویستە یاسایەکی تایبەت هەبێت، هاوکات رێژەیەکی بەرچاوی بەرتوێژان پێیان باشە فەرمانگەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێت بۆ چاودێرییکردنی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی.

**دوو پرس بە نمونە:**

**- کەرتی تەندروستیی:** بۆ خۆپارێزیی لە ڤایرسی کۆرۆنا پشت بە کام لەم سەرچاوانە دەبەستیت؟:

زۆرینەی بەشداربووان بەسەر دوو گروپدا دابەشبوون، گروپی یەکەم پشت بە وەزارەتی تەندروستیی هەرێم دەبەستێت، گروپی دووەم پشت بە رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (**WHO**) دەبەستێت، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە هاوڵاتیان بۆ پرسێکی گرنگی وەك تەندروستیی کە تایبەتە بە ژیانی کەسییانەوە، متمانە بە میدیای رەسمیی و سۆشیال میدیا ناکەن، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ دامودەزگا و فەرمانگە حکومیی و نێودەوڵەتییەکان.

**- پرۆسەی هەڵبژاردن:** لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراو و حزبی دڵخواز متمانەت بە کام لەم سەرچاوانەی زانیاری هەیە؟:

بەپێچەوانەی کەرتی تەندروستییەوە، زۆرینەی بەرتوێژان بەسەر دوو گروپدا دابەشبوون، گروپی یەکەم پشت بە میدیا رەسمییەکان دەبەستن و گروپی دووەم پشت بە سۆشیال میدیا دەبەستن، رێژەیەکی کەم لە بەرتوێژان پشت بە پۆستەر و بڵاوکراوە رەسمییەکان یاخود سەرچاوە حزبییەکان دەبەستن.

## ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانیش، توێژەران ئەم ڕاسپاردانە بۆ لایەنەپەیوەندادرەکان بە پێویست دەزانن:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە ڕەسمییە پەیوەندیدارەکان، ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ کارکردنی دروستتری ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت ئەکاونت و پەیج و گروپەکانی (فەیسبوک)، لەپێناو دورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی هەڵە و هەڵبەستراو و شێواندنی ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمەکەدا.

٢. سەکۆ جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆ نمونە (فەیسبوک)ـی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و هەمو دامەزراوە ڕەسمییەکانی هەرێم، لە تەنگژە جیاوازەکاندا ورد و ئاکارییانە و یاساییتر مامەڵە لەگەڵ ڕاردودۆخ و پێشهاتە نەخوازراو و مەترسیدارەکە بکەن و ببنە هۆکاری تەندروستیی و ئارامیی و ئاسودەیی هاوڵاتییان، نەک دروستکردنی پشێویی و دڵەڕاوکێ.

## پێشنیازەکان

بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی زیاتری زانستیی، بە تایبەت لە بواری پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەوە، توێژەران ئەم پێشنیارانە بۆ توێژەرانی تر بۆ کاری ئایندە دەکەن:

١. کارکردنی دیکەی زانستیی لەسەر هەمان بابەت و هەمان ئامرازی ڕاگەیاندن، بەڵام بە ڕێبازی تری توێژینەوە، بۆ نمونە: ناخشیکاریی (**Content Analyze**)، بە ئامانجی شرۆڤەکردنی زانستییانەی پەیامە بڵاوەکراوەکانی پەیوەست بەو بابەتە لەو ئامرازە.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر هەمان بابەت، بەڵام بە وەرگرتنی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کۆنباو (تقليدي) یان نوێچەشن.

PASEWAN

ڕێکخراوی پاسەوان، بۆ توێژینەوەی سیاسەتە گشتیەکان


ناونیشان: ڕێکخراوی پاسەوان، تەلاری ڕایان، ژ5، کۆڵانی 41، گەڕەکی شۆڕش 101، سلێمانی، کوردستان

www.pasewan.com

contact@pasewan.com

07725276043